تەنیـــایی

تا چاو بڕدەکا .. بیابانە

عیشقی تۆش.. چ تەرمێکی گرانە

لە کوێ بتنێژم..

کە قەل و داڵیش پڕی ئاسمانە...؟

بێ پێخۆرم..

گۆشتی نێو هەناوی خۆم.. دەخۆم

تینوومە و ..

فرمێسکی چاوانی خۆم دەخۆمەوە

دوا شیعری غوربەتی خۆم و ..

ماڵئاواییت دەهۆنمەوە!

کەسێك شك نابەم ..

ئەم تەرمە گرانەم لەگەڵا هەڵبگرێ

لە پرسە و کۆچێکی وا گەورەدا.. دڵم رابگرێ

کە من گریام .. ئەویش بگری

کە من مردم .. ئەویش بمرێ

بیابانە ..!

هەموو شوێنێ.. لەبەر چاوم..

گۆڕستانە..!

ئاسمانی سەرووش .. تەم تووماڵە

منیش نە رۆژم لێ هەڵدێ و ..

نـە ئـاوا دەبـێ

تـەرمـەکـەت وا بـەسـەر شـانـمـەوە ..

نـە دەتـنـێژم .. نـە خـۆم دەکـوژم

نـا کـەس نـایـە ..

کـەس سـەری پڕ لـە کـەسـەرم .. هـەڵـنـاگـرێ

هـەر خـۆم تـەنـیـا .. هـەڵـیـدەگـرم

کـەس بـە کـۆچـی تـۆ .. نـامـرێ

هـەر خـۆم دەمـرم ..

سلێمانی / 1983